www.regayrasty.com

# کرێکار

1424ک / 2004ز

بە بۆنەی یادی هەشتا ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر

رمانی سونبولی خیلافەتی ئیسلامی

## پێشکەشە

بەو موجاهیدانەی لە هێنانەوەی

خیلافەت نائومێد نابن.

# کرێکار

ئەم سۆزە

2004/3/3 یادی تێپەڕ بوونی هەشتا ساڵە بەسەر رمانی سونبولی خیلافەتی ئیسلامی لە ئیسلامبوول ئیستانبوڵی تورکیا . کە لە 1453/5/29ی زایینیدا سوڵتان محمد الفاتح گرتی و کردیە پایتەختی ئیسلام . ئەو کاتە گەرچی سوڵتان هێشتا تەمەنی 24 ساڵان بوو بەڵام سام و هەیبەتی خۆی و ئوممەت و خیلافەتەکەی وا چووە دڵی رۆژئاواوە ، کە ئەگەر کەشتی بازرگانی عوسمانی بچوایەتە بەندەرەکانی جێنەواو بوندوقییەی ئیتالیا ، گەر سێ مانگیش بمایاتەوە کەنیسەکان ـ لە ترس و شەرم و رێزدا ـ زەنگیان لێ نەدەدا ! بۆیە کە سوڵتان محمد الفاتح کۆچی دوایی کرد پاپای رۆما فەرمانی دا سێ شەوو سێ رۆژ زەنگی خۆشی لە کەنیسەکانی رۆژئاواوە لێ بدرێت .

.....

هەفتەی دووەمی شوباتی 2004 ەو لە زیندانێکی ئینفیرادی ئۆسلۆدام . وەکو ئوممەتەکەم هەتیووم و ساڵانی 1909 ەمان نەماوە شەریف پاشایەکی کورد سەفیری عوسمانی بێت لە ستۆکهۆڵم و بێت لەسەرم هەڵداتێ !

لە زیندانم و سۆزێکی دەروێشی بۆ خیلافەت گەرووی گرتووم و دەم هەژێنێ .. چاوم ناوەتە سەر یەک و سینەم دەڵێی پوورە هەنگەو رووداوە تێکچڕژاوەکانی هەشتا ساڵەی هەتیووی ئەم ئوممەتە لە مێشکمدا جمەیان دێ ..

کارەساتی رمان و ئوممەتی سەر بڕاوو رەنجی بێ سوودی کاردانەوە عاتیفییەکان .. پاشان رەنجی هۆشیارانەی ئیمام بەنناو مەودودی و محمد ناسر رحمهم الله پاشان زیندان و خوێنی هەزاران هەزاری وەکو سەیید قوتب ..ئینجا مەکرو پاشقولی هەڵبژاردنە قەڵبەکان !.. دواییش لافاوە خوێنی ئەفغان و مەندناوو جەزائیر ..سەرباری هەموانیش شاڵاوی نوێی خاچپەرستان و شەللاتێتی ئەمریکا !

لە زنجیرەی یاداوەریدام :

قۆناغی یەکەم : حەفتاکانە ..

وێنەی دەبەرێک راچوونی چوار تەوژمی ژینە : سێکس و هەستی نەتەوەیی وچینایەتی و گەڕانەوە سەرخۆیە .. لە هەر چوارلاوە بانگهێشت و ئاماژەو سۆزی چڕینە ..

قۆناغی دووەم : پازدە ساڵی دواییمە ..

ساڵانی ناسۆری بوونە ..عەوداڵی دووی سەپانێکم ، وەک هەڵۆ دابێتە مەڵۆ . شاراکان بخاتە گەڕ . بەڵام داخم ، لەملا مەڵۆ کای دەم باکەی عەولەمەیەو لەولا وەزیر بە فیتێکی موفتی تەزویر خەرمانەکان دەسوتێنێ

لەولا بە پێی پلانی ژیر ، لەژێر ئاڵای سەلیبیانا ، مەشقی شێرو پڵنگی راوە ، لای مەش قەساب شێرزاد بۆ پێست کەوڵ دەکات ، تا بیکاتە دیاری دەستی بۆ دیوەخانی نەجیبزادەکانی دەوری بۆش و بلێر .

قۆناغی سێیەم : بیست ساڵی دوا ..

هیواوکسپەو سویێ جەولانە .. سووربوونە لەسەر ئەو ئامانجەی دەڵێی بنیاتنانی ئەهرامێکە ، لە دەشتێکی بێرونی دوور ، بە نهێنی و لە ژێر چاوی ئەستێرە گەڕۆکە چاوزەقەکانی سی ئای ئەی !

دەڵێی هانکە هانکی سوارچاکێکی سەرکەوتووی زۆرانبازیەکانی سپارتاکۆسە و شێرەکانی بە خنکاوی خستۆتە لاو چاوەڕوانی ئاماژەی ئیمپراتۆرە ئازادی کاو رێیدا بێتەوە ، تا دار الاسلامە کاولەکەی چاکاتەوە

خەڵکی دەڵێن شایانێتی و ئیمپراتۆروکاسەلێسە رقنەکانی دەوروبەری دەڵێن : نابێ و ناشێ !

.....

www.regayrasty.com

سۆزیک بۆ خیلافەت

2004/2/13-10

## قۆناغی یەکەم

### (1)

سەرەتام بوو

لە دوو رێیانێکی ژینێ ..

پێش گۆڵمەزی سۆزو ژیری

هەرزە بیری ..

دوور لە کاریگەری بیرو

فەلسەفەی هیچ دیدو دینێ ..

لەسەرەتای

دیدی لێڵ و

سۆزی وێڵ و

تین و تەوژمی لاویدام

دنیایەکی فراوانی

بێ شوانییە !

پڕ جوانییە

لە ناویدام !

ژنیش ژنەو

لە تاویدام !

لە پڕ دەستێ

لە فوارەی

هەست و حەزێکی سەرکەشا

بووم .. تاوی دام :

حەیفە نەبیتە فەرهادێ

بۆ ( شیرین ) ێ !

(2)

دیسان هێشتا سەرەتام بوو

گڕوگاڵی دڵداری بوو

تازە شۆخێک بە تەمام بوو

سەرەتامە ..

دوور لە (نەکەی) هەموو دینێ !

سەرەتاتکەی سەرە(تام)ە ..

کوردایەتیش

بۆ ئاڵای کورد ..

شەپۆلی خۆی دێناو دەبرد ..

بۆ بارزانی

درشت و وورد

بیری جام بوو !

ــ نەک ئەوەی وەک من نەمام بوو

پیری سەد ساڵ ــ

بۆ کورەی خەبانی خام بوو !

دەستێکی دی

لەسەرو گەردنم ئاڵا :

– هەر فەرهادێکی بێ ووڵات

بۆ ئافرەتێ

گیان ببەخشێ !

نەخشەو ئاڵاو دروشمی کورد

کەی دەنەخشێ ؟!

– بژی بمرە بۆ رزگاری

ژن (مێ)یە .. نەک

گەمژەو گەلۆری دڵداری !

گەنجیش بۆ هیوای میللەتە

نەک بۆ یاری !

(3)

وا دیارە ئەم سەرەتایە

سەرە خەتە !

بۆ ڕێبازو

بەردەبازو

سەرەپەتە !

ئەمجارەیان

لە جێی دەستی

بە ئەنقەستی

شاراوەی ئەو دیوو مەبەستی !

– قاقایەکی ترس و گاڵتە

دەهات . دەتووت نرکەی دێوە !

دەیووت : گەمژە ،

ئەمەی ئێوە

خەونی خێوە !

ئەمە شەڕی دەسەڵاتە

بۆ سەرمایەداری شارە

یا بۆ ئاغای ئەو دیو کێوە !

پلانی هەردوو لایەنیش

یا مۆرکی

یا خود مۆرێکی

سایکس/پیکۆی هەروا پێوە !

ئەمەی کوردیش

ختووکەی غیرەتی لاوە !

بۆ شەڕەشۆقی ئاغەڵ و

پووشی (نەخوراو)ی سووتاوە !

ئەمەی هەشە

هەر قوڕ بەسەرییەو هەشە !

پیلانی کابرای سورفلی

شەبقە رەشە !

سەیری مێژوو

سەیری کەن .. نزیک و دووری

شۆڕشی گەلان

سپی و سووری

ململانێ و

تێکچڕژان و

هەموو شەڕێک

دەبەڕێک ڕاچوونی چینە

بۆ گۆڕینی

باری ژیان و ئابووری

نە پەیوەندی بە دڵداری و

نە بە گەل و

نە بە دینە !

سەرەتایە

سەرەتایەکی سەرگەرمی

چەندو چوونە !

گۆڵمەزێکی رۆژانەیە و

ئاڵوگۆڕی راوبۆچوونە !

سەرەتایە

یا لای کوردیش سەرە(تا)یە !

نیشانەی وێڵی رێگایە

یا پەتایە ؟!

سەرەتای دۆزینەوەیە

یا وون بوونە ؟!

لە گەرمەی ئەم سەرسەدایە

بانگی مزگەوت !

هاتە گۆرێ !

هی مەلایە !

ئەویش خزایە نێو کۆڕێ !

بە تەمایە

را بگۆڕێ !!

مەلا دەڵێ :

– تەنها دینە

تاک پەروەردەی سەربەرزی کا

تاک سەر راست و

دوور لە درۆو

دوور گزی کا ..

دوور لە هەموو خیانەت و

دوور لە زیناو

دوور دزی کا ..

– تەنها دینە

باوەشی پڕ سۆزی ژینە

بانگەوازی خواوویستییە ..

– تەنها دینە

دەنگی زولاڵی ئازادی ..

هیوای شادی ..

بەلاّم داخم

نەما منارەو خیلافەو

سایەی دادی ..

– بۆیە ویلّین

لیّک لا لووت وپەرتەوازەو

هەموو هەر (سەراب) دەکیلّین ..

سەر رای ئەمەش

هەندیّک دەلّین :

دەبێ مزگەوت بڕوخیّن و

دین جێ هێڵین !!

– مەلا دەڵێ :

ئەم دابڕ بوون و بەش بەشە

بۆ گەل و چین

چۆن و هەر چین ؟

دوای رمانی منارە بوو !

ئەمەش فیتی شەبقە رەشە !

لە ئەندەلوس تاوەکو چین

یەک دین و یەک دەسەڵات بوو

دەیان دیدو

سەدان بیری لە خۆ گرت و

دەیان گەل و

سەدان زمان و زارگوتن

هەموو خەڵکی یەک وولات بوون !

تەقاویتی پیرەمێردو

شیری منالْ

ئەمری رەسمی خیلافەت بوو

پێش هەزار سالْ !

بەڵام ئەمڕۆ

کوا عەمامەو منارەمان ؟!

کوا جیهادو

کوا غیرەتی ئەمجارەمان ؟!

+ ئەم مەلایە

شارەزایە !

ئەم قسانەی

سەرەتای هەستی رێگایە ..

ئەم مەلایە

خاوەن دینە !

گۆشە نیگا فراوان و

پشوو درێژو گەشبینە ..

ئەم مەلایە

بەم دینەیە ، پێشەوایە !

بەڵام هەی داخ

دەستی کۆڵە !

هەم غەریبەو دەوری چۆڵە !

باشە ئەدی

بۆ مەلای دی

هیچ دیدو رای وایان نەدی ؟!

دیارە مەلای ئاوا سەرن

ئەواتی دی ، بێ زمانن ..

یان کاسبی پاروە نانن ..

لێرەو لەوێ و لەولا تریش

هەر هین و سەلامەتی یە !

خۆ ئەوانەی لای ئەمانن

تا دەمرن وێڵی (ئەمان)ن !

تا دەمرن هەر جاش مەلان و

کلکی کەرن !!

قۆناغی دووەم

(5)

یەک سەدەیە

ووڵاتی مە

گەورڕو خانە !

چی زیاد دەکات ؟

ئەشکەنجەی زیندانی بیرو

قەسابخانە !

جاریٚ ئەوی سەرکردەیە

یەک سەدەیە

دینی کورسی و

دنیاشی فەرج و گەدەیە !

خۆی و حاشیەی دەلەوەڕن

لەسەر گەلیش

جەللادەکان سەگی پاسن

هەر دەوڕن ..

ئەوانەش کە هەڵەوەڕن

میدیاییەکانی دەم شڕن

ئەوانەی کە

غەبغەبەیان داکەوتووەو

زمان لووسن ..

بە حساب ئەهلی پێنووسن ..

ئا ئەوانەش کە چاو شۆڕن

هەر هەموو پیڕی هامانن ..

ڕۆژ چۆنە ؟ خۆ وا دەگۆڕن !

(ڕاویژکار)و

دەهۆڵ کوت و

شاعیری دەوری سوڵتانن !

( وەستای قسان و

کۆڵەواری دەستانن ) !

ئەو خەڵکەشی کە دەیبینی

حەپەساون !

زۆریان کۆیلەی بێ ئیرادەو

بلق و کەف و

پووش و پەلاشی سەر ئاون !

( ئیممەعە)ن و [1]

تەسلیمی مۆنجی لافاون !

ئا ئەوانەش

کە لە مزگەوتا چەماون

مەلاکانیش

زۆریان هەر گومان لێکراون !

ئەوانی دیش

گێلە پیاون !

کەرو کونتێن !

کورد واتەنی : ئاو لایداون !

نەڵێی : ( قەینا

موستەزعەفینی داماون !

هەرچییەک بن خۆ نوێژ ئەکەن ! )

+ نا .. ئەمانە هەم دین کوژن

هەم بۆ هەوجاڕ

یا مەقسەڵە [2]

ملی خۆیان درێژ ئەکەن !

باسی (کار)یان لە لا بکە

نەوەک جیهاد

نەک خیلافە !

خۆ لە دینەکەش گێژ ئەکەن !!

ئەم پیرانە

هەمووی مردووی سەرزەمینن !

ئەوانەی زیندوون

لەمان جیان !

لە زیندانن

یان هەڵاتوون

یان لە چییان !

زۆریش هەن لە بنی بیران !

له زنجیران !

رق ئەستوورن !

شوانیان هەبێ

بە رۆژی روون

پێستی شای پاشا ئەگوورن !

کە دەبینی لە حەشمەتان

بە پیل و لەپی زبری خۆ

پێ دەکەنن !

ئەوە چونکە لەم سەردەمە !

بۆ عەولەمە

بیرە نەوتی ئەم عێراقە

بۆ تیکە نان

وەکو گۆران

بۆ کۆڵبەنکیان

بە بێ گۆڕان !

بۆ هاڵبێرتان

هەڵدەکەنن !! [3]

قۆناغی سێیەم

(6)

هاتمە قۆناغی ڕەنج و خوێن

دیمیت دووری ..

بە دەر لە کات

بە دەر لە شوێن

بێ جوگرافیای ، بێ سنووری !

بەڵام لە ناو ناخی منا

لە نێو ژان و ئاخی منا

سایەی نووری !

سەدان خەونم پێتەوە دی

بێیتەوە دی ..

لە خەوێکا :

لە جەنگەڵێکم زۆر بە سام

هەر هەڵەمووت

وێڵ و برسی

تاک و بێ چەک  دەهاتمە دووت !

لە خەوێ تر :

لە (حەمرا) تاکو (تاج مەحەل)

بۆ هەر شوێنەوارێک کە بووت

جێ بە جێ سەرم هەڵدەگرت ..

لە هەر جێیە

کە وەک عاشقێ دەمپرسی

هێند غەریب بووم

خۆم دەترسام !

تا یەکێ رێی نیشان دەدام

هەزاران کەس بە تەوسەوە

پێمیان دەووت :

عاشقە رووتە

تاکەی وێڵی

لە دووی کڵاوی با بردووت ؟!

(7)

ئازیزەکەم

ئەوی لەم باسە سەرکاسە

ئەوانەن کە پێیان وایە

ئەوین و خوێن و ڕەنجی مە

سۆزی تاسە

پێیان وایە

بوونت بازێکی مێژووە

هیوای دیداری سەر لە نوێت

خەونی نەزۆکی زیندان و

ورێنەی ژێر قەهر و ژان و

سۆزی باسێکی پێشووە!

هەشتا ساڵە

نەک تەپ و تۆز

تاوێرە بەرد

لە گۆڕو ناوی نیشتووە!

پێیان وایە

دین هەر لە کونجی مزگەوتە

مێژووی دوورە!

کەلەپورە!

شیاوی ناو هەرد و بەرد و

خەڵەوەتگایەکی ئەشکەوتە!

چی پەیوەستی

بیری سیاسی و بیرە نەوتە؟!

ئەو دیندارەی سیاسی یە

ئەوی لەم باسە گەشبینە

بیری نامۆ و

لاپەڕیدە و

مەستی دینە!

ئا ئەم شینە

کە سەرزارەکی بۆ دینە!

پەیژەی سیاسیەتمەداران و

گورزی قینە!!

+ لێ گەڕێ با هەر بڕێسن

ئەمە تەونە!

فاک و فیکی

جادووگەرانی فیرعەونە

شەڕی بانگەوازی خوایی و سێدارەیە

ئا ئەمەشیان

کە تینی قینی پرژاوی

هەشتا ساڵی ئەمجارەیە

هەر بۆ مەفحی

هەستی بوونی منارەیە!

بەڵام ئێستا لەوسا زیاتر

تۆ سونبولی

ئیسلامبولی

که هەرزە بووم

وام دەزانی

مەعشوق بێ عاشقی وونە

بوونی نۆش بە بوونی منە!

ئێستا هەر خۆم

بێ ماندوو بوون و سرەوتن

دوای سەد گلان و

ئەنگوتن

دوای زیندان و

لەپێ کەوتن

هەر لە دووی تۆ

دێم و دەڕۆم

لەوساش زیاتر

پەرێشان و عەودالّی تۆم!

هۆ فاتیحی قەد منارە

وەرەوە بۆم

ئەوی پەنای بە کەعبەشە

هێرشی قەشە

دنیای لێ کردۆتە خاچ و

تەنانەت لە بەیتول حەرام

لە سێدارەی ئیبنوز زوبەیریش [4]

بێ بەشە!!

هۆ فاتیحی قەد منارە

وەرەوە بۆم

ئوممەتەکەت سەری تەقی

بە زەنگی ڕۆم!

ئازیزەکەم

گەرچی وونی

گەرچی ڕەنگە

لە مەملەکەتی دێوا بێ!

لە قولەی قاف

یا لە هەڵدێری کێوا بێ!

یا لای جنێ

یان زیندانێ

ژێر گێژاوەکەی بەرمۆدا و

لە قولاّیی

زەریا لوشێکی بێ بنێ!

لە هەر کوێ بێ

تەوەری عەزا و پرسەمی!

بۆیە وێردی سەرزمان و

هۆی زیندان و

سونبولی(دیار)ی عەشقێکی

ئەم باسەمی ..

گەرچی بزری

هێزی هزری

قەڵای عیزەتی  خوا ویستی و

سایەی بوون و

ڕێگەی سەر بەرزی مردن و

پێپلیکەی ڕێزی شەهیدی و

هیوا و ئاوات و تاسەمی..

تۆ کەشی ئازادی چیا و

چەتری سوکنا و

هەناسەمی ..

من بە تۆم و

**تۆش لەم زەمانی عەولەمە**

**پێناسەمی ..**

**بۆیە هەر دۆزینەوەشت**

**هیوای دادە**

**گەڕان لە دووت  پەرستنە و**

**هێنانەوەت**

**حەوت دەرمانەکەی جیهادە[5]!!**

www.regayrasty.com

## پەڕاوێز

(1) ئیممەعە : خەڵکی بودەڵەو بێ ڕاو لاوازە کە لە نەبوویی خۆیدا هەمیشە شوێن قەرەباڵغی خەڵکی دەکەوێت و بە هەموو کەس دەڵێت لەگەڵتتدام ! ووشەکەش کە عەرەبییە هەر لە ( رنا معک )ەوە هاتووە . پێغەمبەر ﷺ علیه وسلم دەفەرموێ مەبنە ئیممەعە : ( لا تکونوا امعە ) . ئەم تەعلیماتە بوو کە هەموو کەسێکی ئوممەتی موسوڵمانی لەسەر هەستی بەرپرسی پەروەردە کرد نەک : (کە چوویتە شاری کوێران دەبێ دەست بە چاووتەوە بگریت) ! یان ( من لەگەڵ عام یان عام لەگەڵ من ) یان ( دەستێک نەتوانم بیبرِم ماچی دەکەم )  بۆیە نیو ملیۆن جاش لە کوردی عێراقدا لە نێوان ساڵانی 1988–1990 دا دروست بوو !!

(2) مەقسەڵە : تەورێکی زۆر دەمپان بوو ، بە داری وەک سێدارەوە هەڵدەواسرا ، پاشان تاوانبارەکەیان دەهێنا کە بڕیار بوو سەری بە تەورەکە بپەڕێنن ، سەریان

له نێوانی دوو تەختەوە لەسەر لا رادەگرت و تەورەکەیان ئازاد دەکرد تا بە توندی بێتە خوارەوەو سەری کابرا بپەڕێنێت له شۆڕشی فەرەنسادا رۆبسپیری سەرکردەی شۆڕش بەم ئامێرە سەری چل هەزار دینداری پێ بڕی ! لە کاتێکدا کە سێسەد هەزاری تریش ئامادەی سەربڕین کرابوون ، بەڵام باش بوو خیانەت لە رۆبسپیر خۆی دەرکەوت و ئەوان ئازاد کران و ملی رۆبسپیریش کەوتە بەر مەقسەڵەکەی خۆی . نوخشەش بێت لە تاغوتانی وولاتی مە .. ئامین

(3) گۆرانی شاعیر لە شیعرێکیدا بە ناوی ( لە بنی بیرا ) وێنەی کرێکارێک بە شیعر دەکێشێت کە لە بنی بیرێکدایەو دەڵێ : تا هەڵکەنم رۆتر دەچم

هەی قوڕ بەسەر کوڕو کچم

بۆ ئەو هەوڵەی بۆیان ئەدەم

تیکەی ووشکیان ناگاتە دەم

منیش لێم وەرگرتووەو کردوومەتە بیرە نەوت بۆ کۆڵبەنکیان کە کابرایەکی بەریتانی بوو تا ساڵی 1973 بڕی 5%ی نەوتی کەرکوکی دەدرایە بەو هەنجەتەی ئەو دۆزیویەتەوە .

هاڵبێرتانیش کۆمپانیای گەورەی ئەمریکایە بۆ بازرگانی نەوت ، کە دیک چاینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بۆش بەڕێوەبەری راپەڕاندنێتی ، کە لە ساڵی 1995 دا لە پرۆژە ستەمکارانەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ناونرا بوو نەوت بەرامبەر بە خۆراک بەشە دزی دیک چاینی 34 ملیۆن دۆلار بوو ( ئیندپێندت ـ 2002/9/15 نووسەر : ئەندریە کامبڵ ) ئێستاش کۆنترۆڵی هەموو نەوتی عێراق دراوە بە هاڵبێرتان . تەنها لە شەش مانگی 4–2003/10دا چوار ملیار دۆلاری لە بازرگانی نەوتی عێراق پەیدا کردووە ! نۆسەد ملیۆن قازانجی هاڵبێرتان خۆی بووە ..

ئاشکرایە ئەگەر وولاتان نەوتیان تێدا بێت ، عێراق خۆی لەسەر نەوتە بۆیە پێی دەڵێن دۆرگەی نەوت (جزیرە النفگ) چونکە 11%ی نەوتی سپێری جیهانی تێدایە کە دەکاتە 228 ملیار بەرمیل نەوت !

(4) لەو عیززەتەی محمد الفاتحەوە بۆ ئەم زەلیلییەی کە ئەمڕۆ لە کەعبەدا لەو جێیەی کە عبداللە ی کوڕی الزبیری تێدا ئیعدام کرا ، خاچی سەلیب هەڵدەگیرێت و کەنیسە لە شاری ئەحسای سعودیەدا زەنگ لێ دەدات !

عبدالله یەکێکە لە هەرە خواناسەکانی مێژووی ئیسلام . ئەو کاتەی لە دایک بوو پێغەمبەر ێلە‌الله علیه وسلم لە خۆشیاندا تەکبیری کرد کە گەورەش بوو ، لە خۆشەویستی خوادا گەشەو نەش و نمای دەکرد . جاری وا هەبوو کە لە سوجدە یا لە رکوع یا لە قیامی نوێژدا دەبوو هێندە ساکین و بێ سرەوت دەبوو ، باڵندە وایان دەزانی تاوێرەبەردە یان کۆتەرەدارە دەهاتن و پێوەی دەنیشتنەوە !

ئەم پیاو چاکە ساڵحەی پێی دەڵێن ( العائژ بالكعبە ) واتە پەنا بردووی بەر کەعبە ، لەسەردەمی حەججاجی سەقەفی دا لە کەعبە سێدارەی بۆ دانراو خنکێنرا ..ئێستاش خۆزگە بخوازرێت بۆ ئەوانەی ئیعدام دەکرێن قەنارەکەیان داری خاچ نەبێت !!

(5) کورد کە شتێکی زۆر لا بە سوودو چاک بێت ، پێی دەڵێت : حەوت دەرمانە . جیهادیش بۆ حەوت مەبەست دەکرێت وەک : پاراستنی دین و رزگار کردنی دیل و پاراستنی پەیمان و .. هتد بێ گومان خیلافەتەکەی ئیسلام لە حەوت دەرمانە کاریگەر ترە .

www.regayrasty.com